سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە راپۆرتی لیژنە پەرلەمانییەکەی تورکیا دەکات

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە راپۆرتی لیژنە پەرلەمانییەکەی تورکیا دەکات و دەڵێت، هەنگاوێکی گرنگ و ئاڵاستەیەکی دروستە بەرەو ئاشتی و چارەسەری.

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئەمڕۆ چوارشەممە، لە پەیامێکدا وتی"پێشوازی لە ڕاپۆرتی لیژنەی یەکێتیی نیشتمانی و برایەتی و دیموکراسی لە پەرلەمانی تورکیا دەکەم."

سەرۆکی هەرێم ئاماژەی بەوەشداوە، ڕاپۆرتەکە "بە هەنگاوێکی گرنگ و ئاراستەیەکی دروست دەزانم بە ئاشتی و چارەسەری."

هەروەها هەمای بە ئەوەش کردوە"پێشخستنی زمانی سیاسەت و دیالۆگ و پابەندبون بە چارەسەری ئاشتییانە، بنەمای سەرەکین بە بنیاتنانی سەقامگیریی هەمیشەیی کە بە سودی هەمو ناوچەکە دەگەڕێتەوە."

نەچیرڤان بارزانی وتوشیەتیەئەمە لە هەرەمی کوردستان وەک هەمیشە جەخت لە پشتگیری و هاوکاریمان بە هەر هەوە و هەنگاوەک دەکەینەوە کە ئامانجی چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەکان بێت و ئاسایەکی نوە بە برایەتی و پێکەوەژیان بکاتەوە. هیوادارین هەنگاوی تری لەو پەرلەمان بەدوادا بێت بە بەهێزکردنی زیاتری متمانە و بەدیهێنانی ئەو ئاشتییەی کە هەموان چاوەڕێی دەکەن."